خێزان

بڵاوکراوەیەك بۆ جیهان

سەرۆکایەتی یەکەم و ئەنجومەنی دوانزە پەیامبەرەکەی کڵێسای یەسوعی مەسیح بۆ پیرۆزانی ڕۆژانی دواتر

ئ **ێمە وەك سەرۆکایەتی** یەکەم وئەنجومەنی دوانزە پەیامبەرەکەی کڵێسای یەسوعی مەسیح بۆ پیرۆزانی ڕۆژانی دواتر، بە ئاشکراو بە فەرمی رایدەگەیەنین، کە هاوسەرگیری لەنێوان ژن وپیاودا خودا دەستنیشانی کردووە، وە خێزان کرۆکی ئەو پلانەیە کە ئافرێنەر داینا بۆ چارەنوسی هەتایی بۆ ڕۆڵەکانی.

هەموو ئادەمیزادێك خودا ئەفراندویەتی بە نێر و مێ وە لەسەر شێوەی خۆی. هەریەکەیان بە نێر و مێ وە کوڕ وکچی خۆشەویستی باوك و دایکی ئاسمانین وەبەم تایبەت مەندیەوە هەموو تاکێك سروشت و چارەنووسی خودایی هەیە. وەڕەگەزی نێر یان مێ تایبەت مەندیەکی سەرەکیە بۆ ناسنامەی تاك وە هۆکاری بوونی لە پێش سەر زەوی وە لەسەر زەوی وە لە هەتاهەتایدا.

لەژیانی پێش سەر زەوی کوڕ وکچە ڕەوانیەکان خودایان ناسیوە و پەرستویانە وەك باوکێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی، وە ئەو پلانەی خودایان پەسەندکرد بەوەی کە ڕۆڵەکانی بتوانن جەستەیەك وەربگرن لە گۆشت و خوێن وئەزمونێك وەربگرن لەسەر زەوی بە ئامانجی گەشەسەندنیان بەرەو کامل بوون و بەدەستهێنانی چارەنوسی خودایییان و بە میرات گرتنی ژیانی هەمیشەیی لە کۆتایی ڕێگاکەدا. پلانی خۆشبەختی خودایی وادەکات کە پەیوەندی خێزانی بەردەوام بێت لە دوای مردنیش. ئەو بۆنەو دەستنیشان کردن و پەیمان نامەپیرۆزانەی کە ئەنجام ئەدرێت لە پەرستگا)هیکل(پیرۆزەکان وادەکات کە تاکەکان بگەڕێنەوە بۆلای خودا، وەڕێدەدرێت کە خێزانەکان پێکەوەبن)یەکگرتووبن(بۆ هەتاهەتاییە.

یەکەم ڕاسپاردە کە خودا بەخشی بە ئادەم و حەوا پەیوەستدار بوو بە تواناو ئەزموون کردنیان وەك باوك ودایك. ئێمە پێتان ڕادەگەیەنین کە ڕاسپاردەی خودا بۆ ڕۆڵەکانی سەبارەت بە بەردارببوون و زۆربوون پرکردنی زەوی تا ئێستا کارپێکراوە. هەروەها ڕایدەگەیەنین کە خودا ڕایسپاردوین بە پەیڕەو کردنی توانای ئافراندنی پیرۆز تەنها لە نێوان ژن و پیاوێك کە لە ڕێی هاوسەرگیریەوە بەیەك گەیشتوون.

ئێمە ڕایدەگەیەنین کە ئەو ڕێگەیەی ژیانی پێ ئافرێنرێت لەسەر زەوی ئەوە ئەو ڕێگەیەیە کە خودا دایناوە. جەخت دەکەینەوە لەسەر پیرۆزی ژیان و گرنگیەکەی لە پلانی هەمیشەی خودادا.

بەر پرسیاریەتیەکی جدی پیرۆز لە ئەستۆی ژن و مێردە بەوەی یەکتریان خۆش بوێت و گرنگی بە یەکتری بدەن وهەروەها منداڵەکانیان خۆش بوێت وگرنگیان پێ بدەن. "منداڵان میراتن لە خوداوە")زەبووری ۳:۷۲۱.(ئەرکێکی پیرۆز ئەکەوێتە ئەستۆی دایك و باوك بەوەی ڕۆڵەکانیان پەروەردە بکەن بە خۆشەویستی و بە چاکە، بە دابینکردنی پێداویستیە جەستەی و ڕوانیەکانیان و فێرکردنی خۆشەویستی وخزمەتکردنی یەکتری بە پاراستنی ڕاسپاردنەکانی خودا، وە ڕەفتارکردن وەك هاونیشتمانیەك کە ڕێزی یاسا بگرن لە هەرجێیەك کە لێی بژین. ژن و مێرد — باوك و دایك — بەرپرس دەبن لە بەردەم لێپێچینەوەی خودا لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکانە.

خێزانەکە خودا بنیادیناوە. هاوسەرگیریش لە نێوان ژن و پیاوێك توخمێکی بنچینەیی لە پلانە هەمیشەییەکەدا. منداڵان مافی ئەوەیان هەیە کە لە دایك ببن لە نێوەندی هاوسەرگیریدا وە پەروەردەبکرێن لە لایەن باوك و دایکێك کە ڕێزی پەیماننامەی هاوسەرگیری بگرن بە وەفاداریەکی تەواوەوە. دەرفەتی بە دیهاتنی بەختەوەری لە ژیانی خێزانی دا زیاتر دەبێت ئەگەر ئەم خێزانە بنیات نرابێت لەسەر فێرکاریەکانی یەسوعی مسیح. هاوسەرگیری و خێزانی سەرکەوتوو هەر لەسەرەتاوە و بەبەردەوامی سەرنج دەخەنە سەر بنەماکانی باوەڕ و نوێژ و تۆبەکردن و لێخۆشبوون و ڕێزگرتن و خۆشەویستی و میهرەبانی و کارکردن و چالاکیە تەرفیهیە بەسودەکان. بە پێی پلانەکەی خودا دەبێت باوك سەرۆکایەتی خێزانەکەی بکات بە خۆشەویستی و چاکە و بەرپرسیاریشە لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان و پاراستنی خێزان. بەرپرسیاریەتی سەرەکی دایکیش پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانە. لەساتی بە ئەنجام ئەم کارە پیرۆزانەدا دەبێت باوك و دایك هاوکاری یەکتر بن، وەك دوو هاوبەشی یەکسان. لە هەر بارودۆخێکی ناچاری وەك)کەم ئەندامی — مردن — یان هەردۆخێکی تر(دەگونجێت بەرپرسیاریەتیەکان تاك لایەنانە بەڕێوە ببرێت. پێویستە کەسە نزیکەکانی تر پاڵپشتی پێشکەش بکەن لەکاتی پێویستی دا.

ئێمە ئاگاداری ئەو کەسانە دەکەینەوە کە سەرپێچی دەکەن لە شکاندنی پەیمان نامەی پاکیزەیی ئازاری هاوسەر و ڕۆڵەکانیان دەدەن یان پابەند نین بە بەرپرسیاریەتیەکانی خێزانەوە ئەوانە لە بەردەم خودا دەوەستێنرێن بۆ لێپێچینەوە. هۆشداری دەدەین کە هەڵوەشانەوەی خێزان کارەسات جێدەهێڵێ لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان کە پێغەمبەرانی پێشتر و ئێستاش پێشبینیان کردووە.

ئێمە داوا دەکەین کە هەموو هاونیشتمانیەکی بەرپرسیار و هەموو بەرپرسێك لە دەسەڵاتدا لە هەرشوێنێکن هەموو ئەو ڕێ و شوێنانە هان بدەن کە ئامانج لێي پاراستنی خێزان و پشتگیری کردنیەتی وەك یەکەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگادا.

سەرۆك گوردن بی هینکلّی ئەم ڕاگەیاندراوەی خوێندەوە وەك بەشێك لە پەیامەکەی لە کۆبونەوەی)جمعية الإعانة (کۆمەڵەی هاوکاری بۆ سالّی ۳۲ی ئەیلولی ۵۹۹۱ لە سۆڵت لەیك ستي /یوتاه.

Unofficial poster layout of the text published on churchofjesuschrist.org. Not an official publication of The Church of Jesus Christ of Latter-day Saints. Generated by Urim, urim.samuelbaird.com